بەرپرسێ لقێ ئێک خو ل گازندێن ناحیا مانگێشکێ دکەتە خودان



سەربەست تروانشی بەرپرسێ لقێ ئێک سەرەدانا ناحیا مانگێشکێ کری و دگەل رێکخراو و کادرو ستافێ لژنا ناوچا برایەتی یا پارتی کومبوی و هایداری رەوشا دەڤەرا مانگێشکێ بوی ژلایێ خزمەتگوزاریان ڤە و گلە و کێماسیێن ناحیا مانگێشکێ هاتینە دیارکرن و ب مەرەما پتر خزمەتکرنا خەلکێ دەڤەرێ و چارەکرنا وان کێماسیێن هاتینە دیارکرن ل گورەی شیانێن ئیدارا پارێزگەها دهوکێ، سەربەست تروانشی کومبونەک دگەل رێڤەبەرێن گشتی و رێڤەبەرێن ئیداری یێن سنورێ ناحیا مانگێشکێ و دام و دەزگایێن شولەژێ گرێدا. دکومبونێ دا دگەل دام ودەزگایێن شولەژێ، بەرپرسێ لقێ تەکەزی ل سەر چارەسەرکرنا کێماسیێن خزمەتگوزاری کر ل ناحیا مانگێشکێ و هیڤی خاست رێڤەبەرێن ئیداری پتر خو ل ئاریشێن وان بکەنە خودان. ژلایێ خوڤە رێڤەبەرێن ناڤبری سوزدا ل گورەیی شیانێن ل بەر دەست کاربکەن ژبو رازی کرنا خەلکێ مانگێشکێ و چارەسەرکریا وان گلە وگازندا بکەن.

سەلاح دەلۆ پێشوازی لە ژمارەیەک پیاو ماقووڵ و پێشمەرگەی سنووری هەولێر و هەڵەبجە دەکات

خەبات- ئارام شێرکۆ: بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی وتەکانی سەرۆک و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاو مەعقولان و پێشمەرگەکانی سنووری شاری هەولێر و هەڵەبجە سەردانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک- گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد لە کەرکووک. سەلاح دەلۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کەرکووک-گەرمیان و دیاری حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنەوە پێشوازی کران. سەبارەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆم هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کودرستان هەبوون لە بەرامبەر هەڵکردنی ئاڵای بەرز و پیرۆزی کوردستان لە سەر فەرمانگە حکومیەکانی شارەکە. پاشتر لە لایان ئامادە بوانە سوپاسی سەرجەم ئەو هەڤالانە کرا کە پێشوازیان لە شاندەکە کردوەو بوونە بە هەوینی ئەو ئازادییە کە ئێستا لە کوردستان بە گشتی و کەرکووک بەتایبەتی بوونی هەیە بۆتە هۆکاری سەقامگیری بۆ سەرجەم پێکهاتەو دانیشتوانی شارەکە و کوردستان بە گشتی.

وەزیری پەروەردە: تاقیکردنەوەکانی نیشتمانی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت

د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەتیکردەوە تاقیکردنەوەی نیشتمانی نەمێنێت و ڕایگەیاند: ئەمساڵ تاقیکردنەوەکانی نیشتمانی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت. وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەوانان لە نێویشیاندا پەیامنێری خەبات، ئاشکرای کرد کە هەڵگرتنی تاقیکردنەوەی نیشتمانی تەنیا پڕوپاگەندەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە و شتی وا لە ئارادانیە. هاوکات تەئکیدی کردەوە کە تاقیکردنەوەی نیشتمانی یەکێکە لە تاقیکردنەوە پڕ ئەزموونەکان و لە پرۆسەی پەروەدەدا دەمێنێت. د. پشتیوان سادق ئاماژەی بەوەشدا کە ئەمساڵ تاقیکردنەوەکانی نیشتمانی لە کاتی خۆیدا ئەنجام دەدرێت و هیچ گۆڕانکارییەک لە تاقیکردنەوەکاتی نیشتمانی ناکرێت، هاوکات ڕەچاوی قوتابیانی کوردستان دەکەین و بەپێی توانا هاوکاری هەموو خوێندکارێک دەکەین. سەبارەت بەوەش کە تاچەند ڕاستە هەموو قوتابیانی قۆناغی 9و 12 بەگشتی داخلی تاقیکردنەوەکان دەکرێن، وەزیری پەروەردە گووتی هەندێک داواکاری هەیە، لەدەسەڵاتی وەزیریش نیە جێبەجێی بکات، بەتایبەتی ئەو پرسانەی پەیوەندیان بە بابەتی زانستی و پەروەردەوە هەیە. روونیشیکردەوە کە ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی داوای ئەوەیان کردووە کە خویندکاران بەگشتی داخلی تاقیکردنەوەی نیشتمانی بکرێن، بەڵام وەزارەت ئەو داوایەی ڕەت کردووەتەوە، چونکە ئاستی زانستیی قوتابیانی پێ دادەبەزێت.

هەولێر... کۆنفڕانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کۆچبەران و ئاواران بەڕێوەدەچێت

لە کۆنفڕانسەکەدا ژمارەیەک توێژینەوەی مەیدانی دەخرێنەڕوو کە تیایاندا رەوشی ئاوارە و پەنابەران نیشان دەدرێت و دەرەنجامەکانیش دەگەیەندرێنە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بتوانرێت ژیان و گوزەرانی ئاوارە و پەنابەران باشتر بکرێت.

لە زانکۆی کوردستان لە شاری هەولێر کۆنفڕانسێکی سێ رۆژە بەڕێوەدەچێت لەسەر رەوشی ئاوارە و پەنابەران کە تێیدا چەندین توێژەر بەشدارە بۆ ئەوەی بتوانرێت لە رێگای پێشنیاز و پرۆژەکانییانەوە رەوشی ئاوارە و پەنابەران لەبەرچاو بگیرێت، هاوکات لەم کۆنفڕانسەدا رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی و زانکۆی جۆرج تاون بەشدارن و بریارە لەسەر چەند تەوەرێک گفتوگۆ بکەن.

لە یەکەم رۆژی کۆنفڕانسەکەدا وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کەریم شنگالی و بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح مستەفا و چەندین رێکخراوی بیانی و شارەزا و پسپۆڕ لە وڵاتانی دەرەوە ئامادە بوون.

لە کۆنفڕانسەکەدا وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کەریم شنگالی گوتی: لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا نزیکەی یەک ملیۆن و ٨٠٠ هەزار ئاوارە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێی بوون و ئەمەش وایکردووە کە فشارێکی زۆر بکەوێتە سەر حکوومەتی هەرێم چونکە ئەو ئاوارانە هیچ شتێکی داراییان نەماوە و هەموو شتێکییان لەدەست داوە.

وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد کە نەبوونی نوێنەری رێکخراوەکانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پرسی ئاوارەکان ئاستەنگی دروست کردووە.

هاوکات گوتەبێژی رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، ساندرا بلاک لە لێدوانێکی گوتی: هەرچەندە ئێمە سەرچاوەی یارمەتیدان و کۆمەک و هاوکاریەکانمان سنووردارە بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە توانیوومانە بەپێی پێویست هاوکاری ئاوارەکان بکەین.

توێژەر و مامۆستای زانکۆ، موراد حەکیم کە بەشداری کۆنفڕانسەکە بوو گوتی: ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەم کۆنفڕانسەدا لە پرسێکی هەنووکەیی دەکۆڵدرێتەوە، ئەویش پرسی ئاوارە و پەنابەرانە بە هەموو جۆرەکانییەوە، ئەو کۆچەی کە ئاوارە و پەنابەران بۆ هەرێم ئەنجامی دەدەن و ئەو کۆچەی خەڵکی هەرێم بەرەو وڵاتانی رۆژئاوا ئەنجامی دەدەن و لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا سەرجەم پانێڵەکان تایبەت دەبن بەم بابەتەوە.

مامۆستا موراد حەکیم گوتیشی: بابەتەکان هەمووی توێژینەوەی مەیدانی بوون کە بارودۆخی ئاوارە و پەنابەران لەبەرچاوگیراوە و هۆکارەکان ئاشکرا کراون، هاوکات تاوتوێی دەرەنجامەکانیش دەکرێت و بە لانیکەمەوە ئەو توێژینەوانە دەبێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ ئەوەی جیهان باشتر لە رەوشی ئاوارە و پەنابەران تێبگەن.

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح مستەفا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: هەرێمی کوردستان دووچاری بە لێشاوی هاتنی ئاوارە و پەنابەران بووەتەوە کە ئەمەش وایکردووە کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابین داواکارییەکانمان بگەیەنینە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تاوەکو بتوانن هاوکارمان بن بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بۆ ئەو ئاوارانە دابین بکەین.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

هەڤاڵی بەڕێز لیوا سەید هەژار

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوالێیخۆشبێت محەمەد ئەحمەد خەزوری بەڕێزتانمان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی تان و خزم و کەسوکارو دۆستانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لە خوای گەورە داواکارین دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێ و خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی

***

زۆر بەڕێز لیوا سەید هەژار

هەواڵی کۆچی دوایی خوالێیخۆشبێت محەمەد ئەحمەد خەزوری بەڕێزتان دڵگرانی کردین.

هاوبەشی خەمتانین و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی تان و خزم و دۆستانتان دەکەین.

خوای گەورە دڵنەوایی و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێ و خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سەرۆک

سوپاس و پێزانین

بۆ/ مەکتەبی جەنابی سەرۆک بارزانی

بەڕێزان/ مەکتەبی جەنابی جێگری سەرۆکی پارتیمان، نوسینگەی حزبی جەنابی کاک مەسروربارزانی، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن.

سلاوو رێز...

بەناوی خۆم و بنەماڵەمانەوە سوپاس و پێزانینی بێپایانی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین بۆ هاوبەشیتان لەپرسەی دایکی کۆچکردوومان‌دا کە لەرێگەی بروسکەی ماتەمینیەوە بەسەرتان کردینەوە وئارامی وتەسەلای دڵی داینەوە.

هەروەک سوپاسی هەڵوێستی بە بایەخی ئەنجومەنی سەکردایەتی پارێزگای سلێمانی- هەڵەبجەی پارتیمان و سەرجەم ئۆرگانەکان و لقەکانی سنورمان و هەڤالان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەین. پێزانینمان هەیە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و لەنێویاندا هەردوو رۆژنامەی ئازیزی خەبات و هەولێر و کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس وکەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی. سوپاس وستایشی هەموو ئەو خزم وکەس وهاورێ وهەڤالانەمان دەکەین کە هاوبەشی ئەم خەمە قوڵ وناسۆرە بەسوییەمان بوون خەمی گەورەی لەدەستدانی دواسایەی میهرەبانی کۆچی دوایی دایکمان بەشدارییان ئارامیان پێ بەخشین وباری گرانی نیگەرانی وکۆڤان وخەمی سوک کردین.

لەخوای دلۆڤان داواکارین لە زەحمەت و ناخۆشی و نیگەرانی بەدوور بن.

ئامانج عەبدوڵا سوور

کونفرانسەکی نێڤدەولەتی ل دور ژیان و شارستانی و کەلتورێ دەڤەرا زاخو هاتە سازکرن

خەبات- زاخو: زانکو یا زاخو کونفرانسێ زانستیێ نێڤ دەولەتی ل ژێرناڤێ زاخو، ژیان و شارستانی وکەلتور ببەشداریا هەژمارەکا مەزن ژ ئەکادیمی و شارەزایان سازکر. د ڤی کونفرانسیی یێ کو ب ئامادەبونا نوینەری وەزیرێ خواندنا بلند و هەژمارەکا بەرپرس و شارەزا وئەکادیمی یا دەست ب کارێن خوە کرین 160 ڤەکولینێن زانستی کو تایبەتن ب دەڤەرا زاخو ولایەنێن دیروکی وشارستانی یێن ڤێ دەڤەرێ دێ ئێنە پێشکێشکرن. هەروەسا چەندین سەرەدانێن مەیدانی ژی ب وجهێن دیروکی یێن زاخو وهەرێما کوردستانێ دچوارچوڤێ ڤی کونفرانسی دا دێ ئێنە ئەنجام دان.

قائیمقامێ شێخان جەژنا ئێزیدیا پیروز دکەت

شێخان- سربست مزیری: ب هەلکەفتا سەر سالا کوردێن ئێزدی ژبوی پیروزباهی کرنێ لروژا چارشەمبی رێکەفتی 19/ نیسانێ/ 2017ێ، سەردار یحیی عبدالعزیز قائیمقامێ قەزا شێخان ب هەڤالینیا شاندەکێ ئیداری ل سەنتەرێ قەزایێ سەرەدانا مالا میر تحسین بەگ میرێ ئێزیدیێن کوردستانێ و جیهانێ و بابا شێخ و چەندێن مالێن ئێزیدیان کرن و ئەڤ جەژنە لێ پیروز کرن، دیسان قائیمقامێ شێخان هەروەسا د سەرەدانێن خو یێن پپروزباهی کرنا جەژنا خوشک و برایێن ئێزیدی دا گوتی لسەر بنەماییێن دادپەروەریا جڤاکی د سەقایەکێ تەنا و ئازاد سالانە کوردێن ئێزدی جەژن و بیرەوەریێن خو یێن ئاینی ب کویڤ و خوشی دەرباز دکەن.

گەرمیان،، پرۆژەی نیشتەجێبوونی مامۆستایان دەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە

خەبات- سەبریە یوسف: بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ئاشکرای دەکات بەم نزیکانە پاش رەزامەندی دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەی یەکەکانی مامۆستایان دەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە. لەو بارەوە ئازد حەسەن، بەرپرسی لقی گەرمیانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە خەباتی راگەیاند: پرۆژەی یەکەکانی نیشتەجێ بوونی تایبەت بە مامۆستایانی سنوری ئیدارەی گەرمیان لەم نزیکانەدەچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە. راشیگەیاند: پرۆژەکە کە لەلایەن کۆمپانیای خەمیمە ت سەلامەوە کاری لێدەکرێ تەنیا رەزامەندی دەستەی وەربەهێنانی ماوە. ئەو بەرپرسەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان رونیشی کردەوە: ماوەی 2 مانگە بەرپرسانی باڵای جکومەتی هەرێمی کوردستان لاری نەبونی خۆیان بۆ دەستکردنەوە بەو پرۆژەیە راگەیاندوە کە زیاتر لە هەزار خانوو لەحۆدەگرێت.

بە بەشداریی 200 قوتابی ژینگەپارێز هەڵمەتێکی ژینگەیی دەستی پێکرد

بەبۆنەی رۆژی ژینگەی کوردستان رۆژی سێ شەممە ٢٠١٧/٤/١٨ بە ئامادەبوونی مامۆستا بەشدار عەبدولخالق خۆشناو بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بەوەکالەت و مامۆستا بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر لەوەزارەتی پەروەردە بەهەماهەنگی رێکخراوی یونسێف و بەشی ژینگە و تەندروستی لە پەروەردەی گشتی هەڵمەتێکی ژینگەیی بەرفراوان لەژێر ناونیشانی پێکەوەژیان بەبەشداری ٢٠٠ قوتابی ژینگەپارێز لە قوتابخانەی مەولەوی و شەقامی سەرەکی گەرەکی تەیراوە ئەنجامدرا.

سەرەتای مەراسیم لەقوتابخانەی مەولەوی بە وتەی بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزشی و هونەر سەبارەت بە هۆشیاری ژینگەیی و رێنمایی تایبەت بە پاکراگرتنی ژینگەیەکی لەبار لەناوەندەکانی خوێندن دەستی پێکرد. دواتر لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر جەخت لەوە کرایەوە کە هەموومان بەرپرسین لەپاک ڕاگرتنی ژینگە و بۆ ئەو مەبەستەش هەفتەی رۆژێکمان تەرخان کردووە بۆ پاک کردنەوەی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و ئەمرۆش خۆمان بە خۆشحاڵ دەزانین کە لێرە لەگەڵ قوتابیانی خۆشەویست ئەو هەڵمەتە ئەنجام دەدەین.